پارێزەرانی لەڤینس بۆ ئامۆژگاری یاسای قەرەبووی کارەسات وەک: ڕووداوی سەیارە
سەرئیش و کار، سەر شەقام و شوێنەکان پەیوەندی پارێزەر تان جاف
0208 826 1349 / 0795 714 4406
Levenes SOLICITORS

کیلۆی تەنها €0.75 سەنت
SARDAR EXPRESS
Transavia
کورده تر
پەیوەندی بک
تاکە بریکاری دابینکردنی ڤیزای مەلدۆڤا

میوانێك لە وڵاتی خۆیدا

HAIDER ABDULRAHMAN

Like 11 Share Tweet 1 0

ئەوەی سەردانی پەشێوی شاعیری کردبێت دڵنیام لە دڵی خۆیدا پرسیویەتی، ئەرێ گەلۆ دەبێ حیکمەت لەوەدا چی بێت کە ڕۆژانە ئەو شاڵاوە خەڵکە لەو سەرتا ئەو سەری کوردستانە ڕوو لەو ماڵە گچکەلانەیە دەکەن، کە شاعیری گەورە عەبدوڵڵا پەشێوی وەك باڵندەیەکی موبارەك لێ هەڵنیشتۆتەوە، لەو ماڵەدا خەڵکی ریز دەگرن بۆ ئەوەی پەشێو لە ئامێز بگرن، وێنەیەکی یادگاری لەگەڵدا بکشێن کە تا ئەبەد شانازی پێوە بکەن. ئەو شاعیرە کە دڵی بە قەد چیایێکی سپی وایە، دەبینم کە چەند بە تاسەوە ئامێزی پر لەمیهری خۆی بۆ یەکە یەکەیان والا دەکاو ماچی ڕوومەتی گەورەو بچووکیان دەکات، ئەو کات ئەو ڕێبوارە ماندووە کە نە لە فنلەندای تەمومژو نە لە کوردستانی چاو پر لە فرمێسك ئارام دەگرێ دەڵێی لەئامێزی ئەواندا حەسرەتە پر سۆکانی کپ دەبن و چاوە ماندووەکانی دادەکەون، ئەو پیاوە ناهەقی نییە لەئامێزی هەریەك لەواندا بۆنی دایك و بۆنی باوك و بۆنی خاك بکات، خەڵکیش ناهەقی نییە لەو ئامێزە ئاگرینەدا دڵی ئاو نەخواتەوە، کە بۆنی غەریبی و بۆنی سوتماکی لێ دێت، پەشێو تا گەنج بوو ریش و سمێڵی ئاوا نەبوو بەکێوی بەفر لەسەر هەڵنیشتوو، شیعرەکانی ئەو دەست و ئەو دەستی ئاشقانی ئەو وڵاتەی دەکرد، ئەو ئاشقانە شەو تا بەیانی بە شیعری ئەو سەرینەکانی خۆیان بەفرمێسك تەر دەکرد و ڕۆژیان پێ دەکردەوە، لەحەفتاکانیشدا لەوەرزی ڕاوکردنی کوردانداا، پەشێو سەرکێشی لەگەڵ ژیانی خۆی دەکردو لەدوانزە وانە بۆ منداڵەکاندا ئەو منداڵانەی فێری کوردایەتی دەکرد، هاواری لە برسان مردنی منداڵانی کوردی دەکرد لەسەر بۆریەکانی بابەگورگور، لە بێ ئاڵایی کوردستان دەدوا لە بوێژن و سەر بوردەی نەهامەتی و یێکەسی کوردانی بۆ منداڵان دەگێرایەوە، لەو ساوە تا ئێستاش برینەکانی پەشێو چۆڕاوگە شیعرییان لێ دەتکێ، ئیدی نەمن نە پەشێو نە ئێوەش نازانن تاکەی ئەو چۆڕاوگە شیعرانە جۆگە دەبەستن؟

حەیدەر عەبدولڕەحمان

نوسەری بابەت Haider Abdulrahman - - چرا بەرپرسیار نییە لە ناوەڕۆکی بابەتەکان

پرۆفایلی نوسەر بەمزوانەپرۆفایلی نوسەر بەمزوانە پرۆفایلی نوسەر بەمزوانە پرۆفایلی نوسەر بەمزوانە پرۆفایلی نوسەر بەمزوانە پرۆفایلی نوسەر بەمزوانە پرۆفایلی نوسەر بەمزوانە پرۆفایلی نوسەر بەمزوانە

Copyright © 2009 Chra.tv

Traffic Rank
chra.tv
104,388
Powered by Alexa

CHRA.TV

: